# ئامێرەکانی پاڵاوتن

تەکنەلۆژیا بەرەو پێشەوە دەچێت و هەموو کون و کەلەبەرێکی ژیانی تەنیوەتەوە، سیستەمی پاڵاوتنی ئاو لەمێژە لەم هەرێمەی ئێمەشدا بۆتە باو، بەڵام ئامێرەکانی پاڵاوتنی هەوا و خاوێنکردنەوەی دەوروبەر لە هەوای ئالوودە و پیس هەتا ئێستا گشتگیر نەبووە.

ئامێرەکانی پاڵاوتنی هەوا لە هەموو هەلومەرجێك و ژینگەیەکدا هەوای پیس هەڵدەمژن و هەوای پاك





## ئامێری پاڵاوتنی هەوا لە جۆری :Ax7500

ئەم جۆرە ئامێرەش هەمان توانای مۆدێلەکانی دیکەی هەیە و خێراییەکی یەکجار زۆری هەیە لە پاڵاوتنی هەوادا. دەکرێت بست بە بەستی ژوورەکە هەوای پاڵاوتەی بۆ بەرێ بکا. پانکەیەکی لەناوەوەدا هەیە کە بە هەموو لایەکدا دەسوورێت.

ئەم جۆرەیان شاشەیەکی هەیە بۆ نیشاندانی پاڵاوتنی هەوا، هەروەها هەستەوەرێکی لەیزەری کە چاودێری چۆنییەتی هەوای ژوورەکە دەکا.

## ئامێری پاڵاوتنی ه

ئەم ئامێری پاڵاوتنی هەوایە تەکنەلۆژیای جۆری windFree لەسەرە، بەهۆی ئەوەوە هەوای پاك بە ئارامی و لە رێگای ٦ هەزار کونی زۆر وردەوە کە لە هەرچوار دەوری ئامێرەکە دایە بڵاودەکاتەوە. هەربۆیە دەنگە دەنگی نییە.

چوارچێوەکەی چوارپاڵویە و رووکەشی ئاسنی هەیە دیزاینێکی سەرنج راکێشی هەیە کە دەکرێت لەگەڵ

# سەرنجێک لەسەر کۆمپیوتەرە فلاش میمۆرییەکە



کۆمپیوتەرە تاکەکەسییە زەبەلاحەکان بوون بە ئەرشیفی مێژوو، نەك هەر کۆمپیوتەر بگرە زۆربەی ئامێرەکان بچووك بوونەوە و کەم کێشتر و بەتواناتر..

ئەوەی لێرەدا وێنەکەی دەبینن، فلاش میمۆری نییە، کۆمپیوتەرێکە بە هەموو توانای کۆمپیوتەرێکی گەورە..

کۆمپیوتەری فلاش میمۆری جۆری Vivo stick کە کۆمپانیای asus بەرهەمی هێناوە، کێشەکەی تەنیا ٧٥ گرامە و ویندۆز ١٠ ی لەسەرە.

کۆمپیوتەرەکە کە دەکرێت بۆ هەموو شوێنێکی بەری سیستەمی لێکدانەوەی X٥ Z8350-Atomی لەسەرە، رامەکەی دوو گیگابایتە و میمۆرییەکەی ٣٢ گیگابایتە و دەکرێت ١٠٠ گیگابایتیش لە کلۆد واتە هەورین وەربگری.. خێراییەکەی ١٦٠٠ میگاهێرتزە. سیستەمی ویندۆز١٠ی لە پێشدا بۆ داندراوە.

بۆ دانانی شاشەیەك بۆ کۆمپیوتەرەکە لە هیچ شوێنێك پەکت ناکەوێ، هەر مۆنیتۆرێك یا تیڤیەك دەکرێت بیکەی بە شاشەی کۆمپیوتەرەکە بەو مەرجەی کە شوێنی دانانی HDMI ی هەبێ.

کۆمپیوتەرە فلاشیەکە شوێنی دنانی USB3 و USB2ی هەیە. ماوس و کیبۆردیشی بۆ داندرێ. سیستەمی بلوتوسی هەیە.

# ـــی هەوا و ئەرکەکانیان

بڵاوەدەکەنەوە. لە ژیانی شارنشینیدا و لە ژینگەی شاردا هەوای شار بە زۆر هۆکارەوە وەك، دووکەڵی کارخانەکان، دووکەڵی ئۆتۆمبیلەکان و و تۆز و خۆڵ، مادەی کیمیایی و جۆرەکانی بۆن کێشەی گەورە بۆ هەناسەدان و هەڵمژینی هەوای پاك دروست دەکەن. لەو ژینگەیەدا پێویستە ئامێرێك هەبێ بۆ پاککردنەوەی هەوا، سامسۆنگ چەندین نموونەی ئامێری پاککردنەوەی هەوای خستۆتە بازاڕ کە سەرنجتان بۆ هەندێك لەو ئامێرانە رادەکێشین.



## ئامێری پاڵاوتنی هەوا جۆری Ax5500

ئەم ئامێرەش هاوشێوەی ئامێرەکانی دیکەیە کۆمپانیای سامسۆنگە، بەڵام قەبارەکەی بچووکترە. لای پێشەوەی ئامێرەکە کە Front air flow ناسراوە بۆ هەڵمژینی هەوای ژوورەکەیە. پاش ئەوەی کە هەواکەی پاڵوت لە رێگای power fan'وە هەواکە بۆ هەموو لایەك بڵاو دەکاتەوە. مەودای بەرێکردنی هەوای خاوێن ٤٦٧ مەتری چوار گۆشەیە لە کاتژمێرێکدا.
شاشەکەیەکی دیجیتالی لەسەرە و لەگەڵ هەستەوەرێکی لەیزەری کە چۆنییەتی هەوای ژینگەکە راستەوخۆ نیشان دەدا و ئاکامەکەشی لەسەر شاشەیەکەوە نیشان دەدرێ.



## ـــەوا جۆری AX9500:

دیکۆراتی ماڵەوە بگونجێت. خۆی ئامێرێکە پارچە پارچەیە و دەکرێت پێکەوەیان پەیوەند بدەی.
شاشەیەکی جۆری EasyView یەیە لەسەرە و هەروەها هەستەوەرێکی لەیزەری. ئەم هەستەوەرە چۆنییەتی هەوای ژوورەوەی بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەخاتە ژێر چاودێری و وردترین گەردیلەش لە هەوادا لەبیرناکا. بەکارهێنەر لەسەر شاشەکە ئاکامی پاڵاوتنەکە دەبینێ.

# کامێرایەکی بچووک ستایلێکی ناوازە




کانون یەکێکە لە مارکە ناسراو و دێرینەکانی بواری بەرهەمهێنانی کامێرا. کانون لەم ماوەیەدا کامێرایەکی زۆر بچووك، بچووك بەقەد پەنجەی دەست بەرهەم هێناوە.. کامێراکە بە جۆری Ivy Recناسراوە، چوار رەنگی شین، سەوز و پەمەیی و رەشی هەیە. لە کامێرایەکی ئاوادا نابێ چاوەڕوانی توانایەکی زۆر بکەی، بەڵام بە بەراورد بە کامێرایەکی ئاسایی ئاستی بەرزترە.
کامێراکە هەستەوەرێکی ١٣ میگاپیکسلی هەیە، بە بەرکەوتن و کەوتنە ناو ئاو تێکناچێت. بۆ ماوەی ٣٠ خولەك لە قوڵایی دوو مەتردا کێشەی بۆ نایەتە پێش.
پرۆگرامێکی تایبەت بەخۆی بۆ سیستەمی ئەندرۆید و IOS هەیە دەکرێت لە رێگای مۆبایلەکەتەوە کۆنترۆڵی بکەی.
بە ٣٠ فریم لە چرکەیەکدا فیلم هەڵدەگرێتەوە.

# پرۆگرامێک بۆ ڕێکخستنی کتێبخانەی ئەلکترۆنی

جیهانی خوێندنەوە بە پێشکەوتنی جیهانی تەکنەلۆژیای دیجیتالی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، کتێبی سەرکاغەز ڕەنگە لە داهاتوودا نەمێنێ و لەبری ئەوە کتێبی دیجیتالی شوێنی ئەو بگرێتەوە.. ئامێرەکانی خوێندنەوەی کتێبی دیجیتالی گەلێکن، وەك مۆبایل، کۆمپیوتەر و تەنانەت ئامێری تایبەت بە کتێب خوێندنەوەش بەرهەمهاتوون وەك (کیندل)ی ئامازۆن..

پرۆگرامی تایبەت بە خوێندنەوەش گەلێکن، یەکێك لەو پرۆگرامانە، پرۆگرامی Alfa eBoOks Manager یە. پرۆگرامێك کە بە ئاسانی دەتوانی ڕێکخستن بۆ کتێبخانە ئەلکترۆنییەکان بکات. لەم پرۆگرامەدا کۆمەڵ



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**بەرێزێك دەپرسێت، ئایا دەکرێت دەستکاری فایلێکی PDF بکەم؟ ئەگەر دەکرێت ڕێنوێنیم بکەن.**

خوێنەری بەرێز لە جیهانی تەکنەلۆژیای نوێدا هیچ شتێك نییە کە نەکرێت، بەڵێ فایلی PDFیش دەکرێتەوە بە فایلێکی دەقی، بەڵام پرۆگرامی تایبەت بەخۆی دەوێت و باشترین پرۆگرامیش هەمان پرۆگرامی Word کە لەسەر هەر کۆمپیوتەرێك هەیە، بەڵام دەبێت word 2016 بەرەو سەر بێت.

لە سەرەتادا فایلەکە بە OPEN دەکەیەوە، پاشان فایلەکەی خۆت هەڵدەبژێری، ئەوکات پرسیارێك دەکات ئایا دەتەوێ فایلەکەت بکەی بە فایلێکی وۆرد؟ ئێوە بەڵێ لێدەدەن. دواتر فایلەکە دەکرێتەوەو بەویستی خۆت دەستکاری بکە، پاشان هەم دەتوانی بە شێوەی وۆرد سەیڤی بکەی هەم بەشێوەی PDF.

# تەبلێت- لاپتۆپێک لە مایکرۆسۆفتەوە

مایکرۆسۆفت ئەم ماوەیە کۆمەڵێك بەرهەمی خۆی لە پێشانگایەکدا خستەڕوو، یەکێك لەو ئامێرانە، ئامێرێك بوو کە هەم لە ڕیزی لاپتۆپ سەیر دەکرا و هەم وەك تەبلێتێك دەبینرا.

تەبلێت- لاپتۆپی جۆری surface neo هەم لاپتۆپێکی بەهێزە و هەم تەبلێتێکی گەورە، بەڵام زیاتر لە ڕیزی تەبلێتدا دێت تا لاپتۆپ.

تەبلێتەکە لە دوو شاشەی سەربەخۆی ٩ ئینجی و پێکەوە پەیوەندراو پێکهاتووە. واتە ئەگەر بتەوێ بیکەی بە لاپتۆپ ئەوە پێکیانەوە دەلکێنی و ئەگەر تەبلێتیش بێت لێکیان جیا دەکەیەوە.

یەکەی لێکدانەوەی واتە پرۆسیسەرەکەی زۆر بەهێزە و لە بواری گرافیکیشەوە نەوەی ١١ی ئینتەلی لەسەرە. شاشەکەی لە جۆری goril-la grass. بارستاییەکەی ٥,٦ ملمە. کێشێکی زۆری کەمی هەیە تەنیا ٦٥٥ گرام. پێنووسێکی سمارتی موگناتیسی لەگەڵدایە لەگەڵ کیبۆردێکی موگناتیسی. کیبۆردەکە نیوەی شاشەکە دەگرێت و بە ئاسانی بە لاپتۆپەکەوە دەنووسێت.



تەبلێتەکە لاپتۆپ- سیستەمی نوێی مایکرۆسۆفتی لەسەرە واتە سیستەمی windows 10X کە تایبەتە بەو ئامێرانە کە دوو شاشەیان هەیە.

لەم تەبلێت- لاپتۆپەدا بەکارهێنەر بەئاسانی دەتوانێت لە هەردوو شاشەکە بە شێوەی جیا سوود وەربگری، بۆ نموونە ئەگەر لە شاشەیەکیان دا فەیسبوکی کردۆتەوە، لەوەی دیکەدا دەتوانیٚ پرۆگرامێکی دیکەی کردۆتەوە.



کتێبێکی زۆر لەخۆی هەڵدەگرێت، لەو پرۆگرامەدا کتێب خوێندنەوە رێك وەك کتێب خوێندنەوەی سەر کاغەز دەچێت، دەتوانی کتێبەکان هەڵدەیەوە، کتێبەکان بەپێی ویستی خۆت رێك بخەی. نیشاندانی وێنە و کورتە زانیارییەك لەبارەی کتێبەکانەوە. وەرگرتنی کتێب لە ماڵپەڕەکانی تایبەت بە کتێب. سکانکردنی کتێبەکان. نیشاندانی کتێبەکان بە شێوەی سێ لایی. گوێگرتن لە کتێبە دەنگییەکان و چەندین تایبەتمەندی دیکە.

بەهۆی ئەو پرۆگرامەکە دەتوانی بە ویستی خۆت فۆنتەکان گەورە و بچووك بکەی. فۆنت بگۆڕی، ستایلی شەو و رۆژ دیاری بکەی و تایبەتمەندی گەلێکی دیکەش..



## ماڵپەڕێک بۆ گۆڕینی گشت فۆرماتێک

هەر فایلێك چ فایلی ڤیدیۆیی، یا وێنە یا دەنگ یا دەق یا هەر جۆرێکی دیکە بێت، فۆرماتێکی تایبەت بەخۆی هەیە. گەلێك جاران پێویست دەکات فۆرماتی فایلەکە بۆ فۆرماتێکی دیکە بگۆڕی، بۆ نموونە فایلێکی دەنگیت هەیە بە فۆرماتی MP3 بەڵام نیازت هەیە بیکەی بە فۆرماتی MP4 یا هەر فۆرماتێکی دیکە، یا فایلێکی wordت هەیە نیازت هەیە بیگۆڕی بە فایلی PDF یا پێچەوانە ئەوە پێویستت بە پرۆگرامێك هەیە بۆ گۆڕینی فۆرماتەکە، یان ماڵپەڕێکی خزمەتگوزاری لەو بارەوە..

یەکێك لە باشترین ماڵپەڕەکانی گۆڕینی فۆرماتەکان، ماڵپەڕی https://convertio.co/، ئەم ماڵپەڕە لە ریزی باشترین ماڵپەڕە خزمەتگوزارییەکان دێت، ئەگەر ئەکاونتێکت هەبێ لەو ماڵپەڕەدا خزمەتگوزارییەکانت فراوانتر دەبن.. لەو ماڵپەڕەدا دەتوانی هەر جۆرە فۆرماتێکی وەك دەنگ، فیلم، وێنە، دەق...تاد بگۆڕی.. هیچ بەربەست و سنوورێکیش نییە، بەڵام بۆ ئەو فایلانەی گەورەترن لە ١٠٠ میگابایت پێویستە دەکات ئەکاونتێك بکەیەوە..

## سەردەمی مۆبایلیە کتێبیەکان



ماوەیەکە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی مۆبایل خەریکی بەرهەمهێنانی مۆبایلی دوو شاشەین، کە زیاتر من بە مۆبایلی کتێبی ناویان دێنم.. چونکە وەك کتێب دەکرێنەوە. ئەم مۆبایلانە پێکهاتوون لە دوو شاشەی پێکەوە پەیوەند دراو کە دەتوانن لە یەك کاتدا دوو ئامانج واتە دوو پرۆگرام بکەنەوە، یان پێکەوە لەسەر پرۆگرامێك کار بکەن.

کۆمپانیای LG لەو ماوەیەدا مۆبایلی جۆری (LG V50s) بەرهەم هێناوە، مۆبایلێك کە شێوە کتێبیە و لەم ماوەیەشدا مایکرۆسۆفت مۆبایلێکی هاوشێوەی بەرهەم هێنابوو، هەروەها سامسۆنگیش مۆبایلی گلاکسی فۆلدی هاوشێوەی ئەوە بەرهەم هێناوە.

مۆبایلی ناوبراو مۆدێمی 5Gی لەسەرە. شاشەی دووەمی مۆبایلەکە دەکرێت وەك گەیم پەدیش سوودی لێوەربگیردرێ. رامەکەی ٦ گیگابایتە و میمۆرییەکەی ١٢٨ گیگایە. شاشەکەی ٦,٤ ئینجە و لە جۆری OLEDیە. شاشەیەکی دیکەش بە هەمان قەوارەی لەگەڵدایە. جگە لەو دوو شاشەیە، شاشەیەکی دیکەش لە پشتەوەیە بەڵام رەش و سپییە و قەوارەکەی تەنیا ٢,١ ئینجە. ئەوکاتەی کە مۆبایلەکە نەکراوەتەوە، شاشەی سێیەم ئەرکی نیشاندانی پەیام و پەیوەندیی و کاتژمێری لە ئەستۆیە. لە پشتەوەی دوو کامێرا یەکەمیان ١٢ میگاپیکسل و هی دووەمیان ١٣ میگاپیکسلی لەسەرە. هەروەها کامێرایەکی سێلفیش کە ٣٢ میگاپیکسلە لە نێوانی هەردوو شاشەکەدایە.